# زیندانیکردن لە ئیسلامدا

السجن في الإسلام

< كردي >

## هێمن عبد العزیز

هيمن عبد العزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# زیندانیکردن لە ئیسلامدا

بێ گومان دیاردەی زیندانیکردنی خەڵکی بێتاوان و ئەشکەنجەدانیان پێش ئەوەی ببێتە دیاردەیەکی دزێوی نێو کۆمەڵگا، نیشانە و خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی دڵنەخۆشان. ئەنا بنەڕەت و بنیاتنانی زیندان لەسەرەتادا دەقاودەق لە ئیسلامدا قوتابخانەیەك بووە بۆ جینایەتکاران و تاوانبارانی کۆمەڵگا.

لە خوێندنەوە و تێڕامان و بەراوردکردنی زیندانەکانی ئەوسا و ئێستا ئەوەت بۆ دەرئەکەوێت کە چەندی مزگەوت لەو ساتەدا مینبەری پێگەیاندن و تێگەیاندنی خەڵکەکە بوو، دە هێندەی تر زیندانەکان جێگای چاکسازی و بەرچاوڕوونی و ڕاستەڕێبوونی خەڵکەکان بوو. وەلێ لەو سەردەمە پڕئێش و ژانەی ئێستامان زیندان نەك نەبۆتە هۆی تەمێکردن و چاکبوونی تاوانباران، بگرە زیاتر ڕۆڵەی خراپ و بەدکاری بەرهەم هێناوە. چونکە هێندە خەریکی تەمێکردنی جەسەدی بوون، هیچ بوارێکی بۆ بیرکردنەوە و وشیاربوونەوەی بەندییەکان نەهێناوەتە پێش تاکوو بیر لە چاکبوون و سازبوونی خۆیان بکەنەوە.

جا لێرە دا بە پێویستی ئەزانم بە تێروتەسەلی و بە شێوەیەکی بنەڕەتی مەسەلەی زیندان لە ئیسلامدا ڕوون بکەمەوە، تاکوو ڕەحمەت و بەزەییی ئەم ئیسلامە پاکەمان بۆ وەدیار کەوێت و لە بەرامبەریشی ئەوە بسەلمێنین کە غەیرەئیسلام تەنها مایەی دڵکرمێبوون و لەبارچوون و لەبەینچوونی کەسەکانە و بەس.

**پێناسەی زیندان:**

زیندان [ السجن ] واتە: شوێنی بەند کردن وە [ **السّجن** ] واتە: بەندی، واتە ئەو کەسەی کە بەند ئەکرێت..

کەمێ لە زانایان پێناسەی [ زیندان ] یان کردووە، لەوانە [ ابن تیمیة ] و [ الكاساني ] .

شیخ الإسلام [ابن تیمیە] ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: زیندان بریتی یە لە: (پەك خستنی کەسێك لەوە کە بە ئازادی خۆی هەڵس و کەوت بکات) جا ئەو پەك خستنەیە هەتا گەر بەستنەوەی ئەو کەسە بێت بە دارێکا، یان هێشتنەوەی لە ماڵێکا یان لە مزگەوتێکا. [ فتاوی ابن تیمیة 25-398 ].

هەروەها [ الكاساني ] بە ڕەحمەت بێت دەلێ: [ زیندان ] بریتی یە لەوە کە ڕێ بگریت لە کەسێك کە بە کارەکانی یەوە هەڵسێت، جا چ ئایینی بێت یا کۆمەڵایەتی. [ بدائع الصنائع للكاساني 7-174 ] .

کەواتە لەسەر بنەمای ئەم دوو پێناسەی سەرەوە ئەڵێین: هەقیقەتی زیندان پەیوەست نی یە بە بوونی کۆشکێکی تایبەت، وەك کە ئێستا باوە.

**شەرعی یەتی زیندانی:**

تێکرای زانایان یەکدەنگن لە شەرعی یەتی زیندانی، وە زیندان بۆ ئەوەیە کە خەڵکی تیا تەمێ کرێت و ئاگاداری تاوەنەکانیان کرێت. [نيل الأوطار للشوكاني 8-316 وتبصرة الحكام لابن فرحون 2-301 و 317 ] .

هەروەها زانایان یەکدەنگن لەوە کە نابێ سنوورەکانی خوا پەك بخرێن و سزاکان دوا خرێن.. گەر تاوانبارێك بەوە قەرەبووی تاوانەکەی کرایەوە کە تەنها ئاگادار کرێت ، ئەوە درووست نی یە کە ئەو کەسە بهاوێشترێتە زیندان و لەوێ سزاکەی دەرخوارد درێت. [التشريع الجنائي لعبدالقادر عودة 1-695 والخراج لأبي يوسف ص 163 ] .

**هەندێ لە بەڵگەکانی شەرعی یەتی زیندانی:**

یەکەم: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً﴾ [النساء: 15]، واتە: ئەو ئافرەتانەی کە تووشی تاوانی زینا دەبن چوار شایەتیان لە خۆتان لێ بگرن، جا ئەگەر شایەتیاندا، ئێوە لە ماڵدا بەندیان بکەن تا مردن یەخەیان پێ دەگرێت یان خوا دەرووەکیان لێ دەکاتەوە.

هێشتنەوەی کەسێکیش بە زۆر لە ماڵا بەشێ بوو لە شێوازی زیندانی کردنی ئەوسا بە تایبەت بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تاوانی بێ ئابڕوویان ئەنجام ئەدا لەو سەردەمە دا. [أحكام القرآن للجصاص 2-106 ]

دووەم: فەرموودەکەی [ الدار قطني ] کە دەفەرموێ: { إذا أمسك الرجل الرجل وقتله الآخر، فيُقتل الذي قتل، ويُحبس الذي أمسك } واتە: گەر پیاوێ پیاوێکی گرت و یەکیش کوشتی، ئەوا بکوژەکە ئەکوژرێتەوەو، ئەوی کە گرتبووشی بەندئەکرێت.

**مەبەس لە زیندان:**

لە ئیسلامدا زیندان بۆ ئەوە بنیات نەنراوە کە کەسەکان تیایا ئابڕوو ببرێن و بێ حورمەت و بێ ناز کرێن. یان بۆ ئەوە بێت تۆڵەیان لێ بسەنرێتەوەو یان لە کونجی زیندانا فەرامۆش کرێن. بەڵکو زیندانی بۆ ئەوە بوو تاکو کەسەکان تیایا ئاقل کرێن و پەروەدەکرێن بە جۆرێك کە خواو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەیانەوێ..

کورد گوتەنی (زیندان قوتابخانەیە ) بەڵێ بۆ ئەوە بوو کە خەڵکی تاوانبار لەم چەشنە قوتابخانەیە وانەی ڕەوشت و ئاکاری ئیسلامی تیا فێر ببن. هەر بۆیە ئەبینین کەوا عومەری کوری خەتتاب رەزای خوای لێ بێت لەسەردەمی خۆی دا کە تاوانبارێکیان بگرتایە دەستەواژەیەکی بە کار دە هێنا و دەیفەرموو: [**أحبسه حتى أُعلم منه التوبة** ] تفسير القرطبى 6-152، واتە: بەدی بکەن تا تۆبەی لێ ئەزانرێ و ئاشکرا ئەبێ.

تەوبەش لێرە بەمانای چاك کردنی ڕەوشت و ڕاست کردنەوەی هەڵەکان دێت و بۆ ئەو کەسەی بەرەو ڕاستە ڕێی و خێر و هەق و چاك سازی بژێت.

**شوێنەکانی زیندان لە سە ردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دا :**

هەڵبەت لەسەردەمی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ژیان زۆر سادەو ساکار بوو، قەت شوێنێکی تایبەت تەرخان نەکرابوو بە ئامانجی بەند کردن و هاویشتنە ژوورەوەی کەسەکان بەو ناوە کە پێی بگوترێ بەندی.

ئەو شوێنانەی کە هێندێ جار خەڵکی تیا بەندی ئەکرا ئەمانەی خوارەوە بوون:

1) بن ڕەشماڵ [ الخیمة ] : ئەو کاتانەی کە خەڵکی لە شەڕی دەبەرەیەك ڕاچوونی کوفر و ئیمان ئەگیران ئەهاویشترانە نێویەوە. ئەو پەڕی مانەوەشیان لە ناو ئەم ڕەشماڵانە لە سێ ڕۆژ قەت تێپەڕی نەدەکرد. چونکە ئەو پێداویستە ئینسانی یەی کە پێویست بوو بۆ زیندانی یەکان دەستە مۆ کرێت لە کەش و هەواو تیشکی خۆر و تەندرووستی ساغ و بینینی خەڵك و.. گشتی تێدا مسۆگەر بوو.

لەو نموونانەی کە هەمیشە زیندوو ون لەو سەردەمدا، ئەبینین کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دیلەکانی شەڕی بەدری بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ژێر ڕەشماڵێکا کۆ کردەوە پاشان ( واتە ): دوای تەواو بوونی شەڕ گواستنەیەوە بۆ مەدینە. [ البدایة والنهایة لابن کثیر 3-303، 305 والتراتیب الإداریة للكتاني 1-312 ]

یان ئەبینین کەوا [عباس بن عبدالمطلب ] لە شەوی فەتحی مەککە دا [ ابو سفیان ] ی گرتوو لە ژێر ڕەشماڵەکەی خۆیا بەندی کرد تاکو بەیانی. [ المصنف لعبدالرزاق 5-206 والكامل لابن الأثير 2-89 ]

یان بە هەمان چەشن دیلەکانی [ مریسیع و جعران ] یان لە ژێر رەشماڵێکا بەند کردن. [ التراتیب الإداریة للكتاني 3121 ـ 313 ]

2) ماڵەکان: هەندێ کات ئەو خەڵکەی کەبەندی ئەکران یان بە دیلی ئەگیران لە ماڵەکان کۆ ئەکرانەوە.. هەڵبەت لەوێش هەموو پێداویستی یەکی ژیانی تێدا مسۆگەر بوو، چونکە ئەو ماڵانە ماڵی مسوڵمانان بوون ، واتە: مسوڵمانان بۆ حەوانەی خۆیان درووستیان کردبو